# هێرشەکەی هەولێر و پشتوێنەی ئاسایشی کوردستان!

16-02-2021

### نووسەرەکان

ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو

**کورتە** : لەسەرەتای ئەم هەفتەیەدا لەناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو دانیشتنێکی داخراوی گرنگمان بۆدەستەبژێری هەردوو پێکهاتەی کورد و عەرەب لە پارێزگای نەینەوا رێکخست، تا لەسەر گرفتەکانی پارێزگاکە و دۆزینەوەی رێگەچارەی نوێ بۆ کێشەی نێوان پێکهاتەکانی ئەو شارە قسە بکەین.

| RRC

د.هەڵمەت غەریب-

راوێژکار لە ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو|

لەسەرەتای ئەم هەفتەیەدا لەناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو دانیشتنێکی داخراوی گرنگمان بۆدەستەبژێری هەردوو پێکهاتەی کورد و عەرەب لە پارێزگای نەینەوا رێکخست، تا لەسەر گرفتەکانی پارێزگاکە و دۆزینەوەی رێگەچارەی نوێ بۆ کێشەی نێوان پێکهاتەکانی ئەو شارە قسە بکەین. ئەوەی بەلای منەوە گرنگە ئەو بەشەی گفتوگۆکان ودانیشتنەکەبوو کە پەیوەندییان بە پاراستنی ئاسایشی هەرێم و چۆنیەتی روبەڕووبونەوەی مەترسییەکانی سەری لەدەرەوەی سنوورەکانی بوو، کە دەکرێ بە هێرشەکانی دوێنی شەوی سەر هەولێرەوە ببەسترێنەوە.

لەراستیدا دوو شت زۆر گرنگە بیخەمەڕوو، پێش ئەوەی قسە لەسەر جەوهەری ئاسایشی هەرێم و چۆنیەتی پاراستنی بکەین:

یەکەم: ئاسایشی کوردستان و هەولێر بە پارێزگای نەینەواوە بەستراوەتەوە.

دووەم: هەولێر و کوردستان پارێزراو نابن ئەگەر ئاسایشی دەرەوەی سنورەکان پارێزراو نەبن، واتە ئەتوانم بڵێم مەسەلەی پاراستن و تەناهی هەولێر تەنها بابەتێکی ناوخۆیی نیە، بەڵکو پەیوەندیی  بەئاسایشی ناوچەی دەشتی نەینەواو موسڵەوە هەیە بەگشتی.

روداوەکەیی دوێنێ شەو تەنها روداوێك نیە بە ئاسانی سەیر بکرێت و یەکەمجاریش نیە کە راستەوخۆ ئاسایشی هەرێم دەکرێتە ئامانج. هەرکەسێك و گروپێك لەپشت هێرشەکانەوە بێت، پەیامێکی شەڕانیی دژی هەرێم هەڵگرتووە، بۆیە پێویستە نەك وەك کاردانەوە، بەڵکو بۆ پارێزگاری لە ئاسایشی هەرێم بۆشایی ئەمنی ناوچەکانی دەشتی نەینەوا و گوێڕ و دەرووبەری مەخمور پڕبکرێتەوە. دەبێت هەرێم لەوناوچانەدا رۆڵی هەبێت، دەنا هیچ کات هەولێر پاراێزراو نابیت و هەمیشە مەترسی گەورەی لەسەر دەبێت. چونکە لەئێستادا کوردستان هیچ پشتوێنەیەکی ئەمنی نیە و دروستکردنی پشێوی ئەمنیی تێدا لەهەموو کات ئاسانترە. بۆیە پێویستە هەرێم بەهێز یاخود بە دانوستاندن بێت ئەو ناوچانە لەڕووی سەربازییەوە کۆنترۆڵ بکات. عێراق هێزی نیشتیمانی نیە تا بتوانێت کۆنترۆڵی سنورەکان بکات حەشد و میلشیاکان لەیەکەکانی سوپا بەهێزترن و ئەستەمە بتوانێ دەست بهێنێتە رێی کارەکانی ئەوان.

یەکێك لەو هەڕەشە گرنگانەی کە تاڕادەیەك کاریگەرییان لەسەر کەمکردنەوەی موشەکبارنکردنی بەغدا هەبوو، ئەو هەڕەشە بەکۆمەڵەی نێردە و باڵیۆزی وڵاتان بوو بە جێهێشتنی عێراق لەحاڵەتی بەردەوام بوونی هێرشی میلشیاکان وکۆنترۆڵ نەکردنیان لەلایەن حکومەتەوە. هەر لەوکاتەوە هەرێم و هەولێر بەتایبەت وەك پەناگەی دووەم و بەدیل سەیردەکرا بۆ ئەو نوێنەرایەتی و نێردە دیپلۆماسییانە، بەڵام ئیتر پاش ئەم هێرشانە هەولێریش پێویستی بە گرتنەبەری رێوشوێنی توند هەیە و نابێت دەستە وەستان لەبەردەم کاردانەوە سارد و بێ بایەخەکانی حکومەتی عێراقدا بوەستێت. بەڵکو ئەوەی پێویستە لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی و دیپلۆماسی بیگرێتە بەر بۆ دروستکردنی پشتوێنەی ئەمنی بۆ هەرێم لەدەرەوەی سنوورەکانی خۆی بەتایبەت لە هەردوو ناوچەی گوێڕ و مەخمور کە زۆر نزیکن لە هەولێر. باشتروایە نێردە دیپلۆماسییەکان رۆڵی نێوەندگیری ببینن بۆ گەیشتنە رێککەوتنی نێوان هەولێر و بەغدا و گەڕانەوەی هێزەکانی پێشمەرگە بۆ ناوچەکە.